**راسپاردەکانی لیژنەی باڵای سیمپۆزیۆمی زانستی بەشی مێژوو**

**بەناونیشانی**

# (ئایین و ئاینزاکانی کوردستان لە نێوان ململانێ و پێکەوە ژیاندا)

**راسپاردە گشتییەکان:**

**یەکەم**: بەردەوام بوون لە ئەنجامدانی کۆر و کۆبونەوەی کراوە و ئەڵقەی گفتوگۆ لە نێوان کەسایەتی ئایینی ئاین و ئاینزا جیاوازەکانی کوردستان، بۆ تاوتوێکردنی کەناڵەکانی لەیەکتر نزیك بوونەوە و پێشاندانی سیمای پێکەوە ژیان بە شوێنکەوتەی ئایینەکانیان.

**دووەم**: جەختکردنەوە لەسەر توێژینەوە زانکۆییەکان سەبارەت بە لایەنە نەرێنیەکانی دەمارگیری ئایینی و پێکدادانی ئایین و کاریگەری لەسەر دۆز و ناوبانگی کوردستان.

**سێیەم**: کارکردن بۆ تۆمارکردنی مێژووی کورستان لە بواری لەخۆگرتن و باوەشکردنەوە بۆ ئایین و ئایینزا جیاوازەکان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، هەوڵدان بۆ دۆکیۆمێنتکردنی ئەو پێکەوە ژیانە.

**چوارەم**: پێکهێنانی دەستەیەکی پسپۆڕ (ئایینی، مێژووی، کۆمەڵایەتی) بۆ پێداچونەوەی پرۆگرامی بابەتەکانی (مێژوو، کۆمەڵایەتی، ئایین) لە قۆناغەکانی بنەرەتی و ئامادەییدا .

**پێنجەم**: هاندانی زانکۆکان بۆ بایەخدان بە تەرخانکردنی کورسی تایبەت بە مێژووی ئایینەکان و لایەنی پێکەوەژیا ئاینەکان لە کوردستاندا.

**راسپاردەی تایبەت بۆ بەشی مێژوو:**

ئەنجامدانی سیمپۆزیۆم یان کۆنفرانس تایبەت بەم تەوەرانەی خوارەوە:

- رۆڵی رێبازەکانی سۆفیگەری لە بڵاوکردنەوەی کەلوتوری لێبووردەی لە کوردستاندا
- رۆڵی کەسایەتییە ئایینەکانی کورد لە پاشخانی زانستی ئایینی و خوێندەوەی کوردانە بۆ ئایین.
- کوردستان وەك لانکە و نیشتمانی داڵدەدەر بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان.

لیژنەی راسپاردەکانی سیمپۆزیۆم

uor.edu.krd